کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 25-7-2007 23:46:41

## بروسکەی پیرۆزبایی گەلی کورد بۆ ئەردۆغان! ... ستار عەبدولا ئاپۆ

siepann@gmail. com



نازانم بە چ ووشەیەک پیرۆزباییت لێبکەم کاک ئەردۆغان، بە بۆنەی دزینی نیوەی زیاتری دەنگی گەلی کورد بۆ خۆت. بە بێ ئەوەی هیچ بەڵێنێک بە ئێمەی کورد بدەی. ئەگەر کورد دەنگی پێنەدابای ئێستا نەتدەتوانی سەرکەوتنی ڕەها بە دەست بێنی بۆ دامەزراندنی حکومەت. ئەگەر گەلی کوردیش وا خراپ لە بێشکە نەنراباو کاندیدەکانی کورد جێگای متمانەی ئەم گەلە بوایە، ئەوا کورد دەیتوانی بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی لە باکوری کوردستان، چوار ئەوەندەی تر کاندید بنێرێتە پەرلەمان، من ناهەقی ئەو کەسانە ناگرم کە دەنگیان نەدا بە کاندیدی کورد، دایان بە جەنابت، چونکە کورد دەڵێ مارانگاز لە خشەی گوریس دەترسێ. ترسی کورد لەوە بوو کە نەوەکا بێن لە پەرلەمان و خۆیان لە بیر بکەن و بکەونە جەنگلستانی گەندەلی! ئاخر ئەندام پەرلەمانێک نەتوانی بە زمانی دایکی لای تۆ قسە بکات، دەتوانی چی بکات بۆ هاوزمانەکانی؟ ئاخر کاندیدێکی کورد تا ڕۆژی دەنگدان و دوای دەنگدانیش، لە یەک دەرزەن کەنالی کوردی، نەتوانێ ڕاو بەرنامەی خۆی بۆ هاوزمانانی بدوێ، چۆن دەتوانێ بەرگەی درۆ شاخدارەکانی ئێوە بگرێ کە لە کەنالەکانی خۆتان دەیکەن، پیرۆزت بێت پێنج ساڵی تری حکومەت کردن، بێخەم بە خەوی کورد ئەوەندە قوولە چەند جاری تریش دەتوانی ببی بە دەسەڵاتدار و حکومەت، ئێمە هەر خەبەرمان نابێتەوە، هیواداریم لەم ماوەی داهاتوودا، هەموو لایلا زاناکان ببەی بۆ ئیمرالی دڵنیا بە بێچگە لە دەنگی چەند کەسێک لێرە و لەوێ کەسێکی دەسەلاتی کوردی، نە لە دوور نە لە نزیک لۆمەت ناکات و بروسکەی پیرۆزبایی و دەستخۆشیت لە پێش هەموو کەسێک لە لایەن کوردەوە پێدەگات.

هەر چەند خۆت دەزانی پێویس ناکات من پێت بڵێم، بۆ چی و لە بەرچی ئەم چەند کوردە دەنگیان هێنا، بەڵام بۆ بەبیر هێنانەوە کارێکی خراپ نیە. وە بۆ ئەوەی لە خوڵی داهتوو لە سەدا سەدی دەنگی کورد بە دەست بێنی ئەو بەڵێنانەی کە کوردت داوە بە زووترین کات جێبەجێیان بکە. بۆ ئەوەی بروسکەی پیرۆزبایی ئێمەت زوو پێبگات و تەواوی پشگیری خۆمانت بۆ دەربڕین. هەندێ لە و بڵێنانەی بە ئێمەت دابوو و نیوە زیاتری دەنگی کوردت بۆ خۆت پێڕاکێسا.

ئەو لەشکرەی کە مۆڵت داوە لە سەر سنووری کوردستان دەنگیان بدە تارومارمان تێک بروخێنێ، بانگی مالکی بکە ئەگەر مادەی 140 دەستوور جێبەجێ بکەن ئەوا هەموو ڕۆژێک کەرکوک خەڵتانی خوێن دەکەین، ئەو چەند کوردەی بە تەمان لە چەند ڕۆژی داهاتوو بێن سوێند بە گۆری ئەتاتورک بخۆن، هەر زوو بیان نێرە بۆ ئیمرالی. هتد....

دووبارە پیرۆزە حکومی جەنبتان، ئێمە خۆمان تۆمان دەوێ و دەنگمان پێدای، ئەگەر بەیانی گلەیی بکەین ئەوا پێش تۆ خوا دەمانگرێ، بۆ پێشەوە بۆ لە ناوبردنی کورد و کوردستان.

لە جیاتی ئەو کوردانەی کە دەنگیان پێداوی و بروسکەیان بۆ ناردی

هەر بژی بۆمان...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.